# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٤٥) لە ٢٠٢٠/١/٢٢

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٠) لە ٢٠٢٠/١/٢٢، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا:

١. ئاگادارکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە پێویست نەبوونی تەشریعکردنی ئەم سێ پێشنیازە یاساییەی خوارەوە کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە لەبەر ئەو هۆکارانەی لە خوارەوەدا ڕوونکراونەتەوە:

أ) پێشنیازی بەرکارکردنی یاسای فیدراڵی واژۆی ئەلکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢: ئەنجومەنی وەزیران پشتیوانی هەبوونی یاسایەکی لەم جۆرە دەکات، بەڵام لە ئەنجامی پێداچوونەوە و بەدواداچوون بۆ یاسای فیدراڵیی ئاماژەپێکراو و پێشنیاری بەرکارکردنی لە هەرێمی کوردستان، دەرکەوت یاساکە چەند کەموکوڕیەکی تێدایە، سەرەڕای ئەوەی کە لە ئەنجومەنی وەزیران بنەمایەک جێگیرکراوە کە هەموو ئەو یاسایانە کە لە دەرەوەی یاسا فیدراڵییەکانن بە شێوەیەک بگونجێنرێن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بە جۆرێک هەرێم خاوەنی یاسای تایبەتی خۆی بێت لە چوارچێوەی دەسەڵاتە تەشریعییەکانی پەرلەمانی کوردستان و بۆ ئەم مەبەستە بە هاوکاری چەندین شارەزا و پسپۆڕی ئەو بوارە پڕۆژە یاسایەکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان ئامادە بکرێت و چارەسەری ئەو کەموکوڕیانە بکات کە لە یاسای فیدراڵیدا هاتووە و دواتر بەرزبکرێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

ب) پێشنیازی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێ باوک لە هەرێمی کوردستان: سەبارەت بەم پڕۆژەیە، لەسەر ڕای وەزارەتی تایبەتمەند کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە بە نووسراویان ژمارە (٦٠٣٦) لە ٢٠١٩/١٢/٢ ڕا و سەرنج و بۆچوونی خۆیان ڕاگەیاندووە کە وەزارەتیان سەرقاڵی داڕشتنی میکانیزمێکە بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانەی لە پێشنیازی ئەم یاسایەدا هاتووە.

ج) پڕۆژە یاسای گەشەپێدانی خێزانی لە هەرێمی کوردستان: لە دوای سەیرکردنی پڕۆژەکە، بە ڕای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە ئێستادا ئەو ئەرکە لە ئەستۆی وەزارەتی ناوبراودایە و هیچ بۆشاییەکی یاسایی لە

هەرێمی کوردستاندا نییە و وەزارەتی ناوبراو ئەو ئەرکە ڕادەپەڕێنێت و پێویست بە دەرچوواندنی یاسای دیکە ناکات.

٢. وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان وێنەی ئەم بڕیارە دەنێرێت بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ خستنەڕووی وردەکارییەکانی هەر سێ خاڵەکانی برگەی (١)ی سەرەوەی ئەم بڕیارە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران